# باسی ڕێزگرتن لە میوان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

پشتیوان صابر عزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# باب إكرام الضيف

« باللغة الكردية »

**بشتيوان صابر عزيز**

2014 - 1436

IslamHouse.com

# باسی ڕێزگرتن له میوان

## ئایەتی قورئانی پیرۆز:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ هَـلْ أتَـاكَ حَـدِيثُ ضَـيْفِ إبْـرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ إذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلاَمَاً قَالَ سَـلاَمٌ قَـوْمٌ مُنْكَـرُونَ فَـرَاغَ إلَى أهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ فَقَرَّبَهُ إلَيْهِمْ قَـالَ ألاَ تَـأكُلُونَ ﴾ [ الذاريات : ٢٤-٢٧ ].

واتـە: ئـایا بـۆت هـاتووە بـەسـەر هـاتـی میوانـە ڕێزدارەکـانـی ئیبـراهیـم. کـاتـێ چـوونـە لای ئـیبـراهیـم و وتیـان سڵاو (ئـەویش) وتـی سڵاو لـە خـۆتـان (ئێوە) کـەسـانێکـی نـە نـاسـراوون. جا خێرا چـوو بـۆلای خێزانـەکـەی ئـینـجا گـوێرەکـەیـەکـی قـەڵـەوی (بـە بـرژاوی بـۆیـان) هێـنـا. وە نـزیـکـی کـردەوە لـێـیـان (بـەڵام نـەیـان خـوارد) وتـی ئـەوە نـاخـۆن؟.

**فەرموودەی پێغەمبەرﷺ:**

عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ الْخُزَاعِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إِلَى جَارِهِ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَسْكُتْ)) [مُتَّفَقٌ عَلَيهِ].

واته: (ابو شريح الخزاعی) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (هەرکەس باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، با چاك بێت لەگەڵ دراوسێکەی، هەرکەس باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە باڕێز لە میوانەکەی بگرێت، هەرکەس باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی هەیە با چاك بڵێت یان بێدەنگ بێت).

**ڕاقە ورووونکردنەوە:**

یەکەم: لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێزگرتن لە میوان پایەیەکی گرنگی هەیەو چەندین دەقی قورئان و فەرمودە ئاماژە بەم ڕێزگرتنە دەکەن...

دووەم: ڕێزگرتنی میوان یەکێکە لەو شتانەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی پێداوەو ڕاستەوخۆش بەستویەتی بە بڕوابوون بە خواو ڕۆژی دواییەوە...

سێهەم: ڕێزگرتنی میوان لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلامە.
چوارەم: پێویستە خاوەن ماڵ بەجوانی و دەم بەخەندەوە پێشوازی لە میوانەکانی بکات و وشەو دەستەواژەی جوان بەکاربێنێت کەببێتە مایەی خۆشحالی...
پێنجەم: زوو خواردن پێدانی میوان لە سنوری توانای بژێوی خۆتدا بێ تەکلیف لە خۆکردن...

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ ڕێزگرتن لە میوانە بەڕێزەکانمان بە جوانترین شێوە.